# درەختی دووکەڵ

## ئەو ڕۆمانەی خەڵاتی کتێبی نیشتمانیی ئەمەریکیی وەرگرت

و: نەورۆز حسێن



ڕۆمانی درەختی دووکەڵ بە هەموو پێوەرەکان، زۆر ناوازەیە. ئەمە ڕۆمانی شەشەمی ڕۆماننووس شاعیرو شانۆنووس "دێنیس جۆنسۆن"ە. بە پێچەوانەی هەموو بەرهەمەکانیەوە پێکهاتووە لە 624 لاپەڕە. دیارە بە تەنیا "هەند"ی لاپەڕە ئەم تایبەتمەندییەی ناداتێ، بەڵکو کۆدەنگیی ڕەخنەگرە ئەمەریکییەکان لەسەر ئەوەی کە وێناکردنی لوتکەیەکە بۆ ئەدەبی ئەمریکی، کە پێی گەیشتبێت، لە هەوڵێکدا بۆ دابرینی ئەزموونی جەنگی ڤێتنامو ئەو برینە قوڵەی کە لە ویژدانی ئەمەریکیدا خولقاندوویەتی کە بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەستیشە بە بیرو هۆشی زۆرێك لە ئەمریکییەکانەوە سەبارەت بە جەنگ لە عێراق.

دیارە لەخۆوە نییە کە نووسەرو ڕەخنەگر دێڤید ئیگناتیۆس، لە وتاریکی درێژی خۆیدا کە لە واشنتۆن پۆست بلاوی کردۆتەوە، درەختی دووکەڵ بە ڕۆمانی پەرجو ناو ببات، ئەو واژە بۆ ئەم وەسفە درێژ دەکاتەوە بەوەی دەڵێ نووسینی ڕۆمانێکی دیکە سەبارەت بە جەنگی ڤێتنام دووای 35 ساڵ لە تەواوبوونی جەنگەکە، بە کارێك لە کارەکانی بانگەشەی ئەدەبی دادەنرێ، وەلێ نووسینی بەم شێوە ناوازەیەی کە دێنیس جۆنسۆن لە درەختی دووکەڵدا نووسیویەتی دیارە بە دڵنیاییەوە پەرجویەکە.

ئەم ڕۆمانە زۆری لە خوێنەر دەوێ، سەرەتا خوێنەر پێویستە لەسەر وردیی خۆی بەردەوام بێت تا شەشسەد لاپەڕە، خوێنەر دەبێت لەگەڵ بیناو زمانی ڕۆمانەکە، کە ڕەنگە ونی بکات، بڕوات. هەروەها دەبێت ئەزموونی هەڵسوکەوتو ناوازەیی کەسێتییەکان بناسێت، دوواتریش بەرەو بنمیچی بەرزی حەزو توانای نەبڕاوەی نووسێنێکی پڕ ئەندێشەو دەربڕین سەبارەت بە وەچەی جەنگی ڤێتنام، هەڵفڕێ.

ڕەنگە لە سەرەتای پەرەهەڵدانەوەی ڕۆمانەکەدا، خوێنەر بیەوێ بەرگەی ئەو کاریگەرییە گەورەیە بگرێت کە ڕۆمانەکە لەسەری دایدەنێت، وەلێ ڕۆمانەکە، هەر کۆنترۆڵی دەکاتو دەچێتە ئاوەزییەوە، تەواو وەك ئەو جەنگەی باسی لێوە دەکات، بە هەموو ئەو تارو مارو وێرانکاریو کاریگەرییە دڕندانەیەیەوە. لێرەدا دێڤید ئەگناتیۆس بە دەربڕینێکی سەرکەوتوو لە دڵی ڕاستی دەدات کە دەڵێ: "شاعیرو بەنگکێشی پێشوو و ڕۆژنامەوانێکی سەرکێش، ڕۆمانێکی نووسیوە کە لە کۆتاییدا بە توندی خۆی بە خوێنەرەوە دەئاڵێنێت، وەك چۆن لە جەنگەڵستانێکدا مار خۆی لە نێچیرەکەیەوە دەئاڵێنێ".

ڕۆمانەکە بە دەوری ولیام ساندیس، کە کارمەندێکی ئاژانسی هەواڵگریی مەڵبەندیی ئەمریکییە، دەخولێتەوە، کە لە ساڵی 1967دا وەك یەکێك لە تیمی جێبەجێکاری کاری هەڵخەڵەتاندنی ڤێتنامی ژوروو، بەرەو ڤێتنام ڕۆیشتووە. سەرکردەی تیمەکە کۆلۆنێل فرانسیس کزافیێ ساندسە کە مامی ئەمەو هەموو بە "کۆلۆنێل" ناوی دەبەنو جەنگاوەرێکی ئەفسونیی پسپۆڕە لە دژەکردەکانی بەرگریکارانی دژ بە جەنگ.

ئەم کۆلۆنێلە کۆنە وەك شەیتان ئاگای لە کردەکانە. ڕۆماننووس ویستوویەتی ئەم کۆلۆنێلە بکاتە کەسێکی ئەفسونیی لە دڵی تاریکیدا لەگەڵ ئاماژەیەك بە کەسێتیی کۆرتز لە ڕۆمانی "کۆنراد"و دەنگدانەوەی ژیانی ڕاستیی کۆلۆنێل ئێدووارد لاندسیدل، کە دانەری ئاینزای دژەجەنگی بەرگریکارانە لە ڤێتنام.

ئەو کردە ڕەشەی ئەم تیمە جێبەجێی دەکەن ناوی "درەختی دووکەڵ"ە. لەگەڵ دەسپێکی ڕێڕەوی ڕۆمانەکەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕەنگە ئەمە بۆ هەوڵی بەکارهێنانی سیخوڕێکی ڤێتنامیی دوولایەنە بێت بۆ ئەوەی کە وا لە هانەوی بکات وا بزانن ویلایەتە یەکگرتووەکان بەتەمای هێرشێکی گەورەیەو درەختی دووکەڵیش تەنیا تەمێکە بۆ ڕێ پێ ونکردن.

نووسەر لە ڕۆمانەکەدا چەند تێبینییەکی جێی سەرنجی سیخوڕە دوولایەنەکان دەستنیشان دەکات، کە ولیام ساندیس ئەڵێت "ئەمانە دوو گیانن لە یەك جەستەدا". وەلێ ئالیەتی گێڕانەوە سیخوڕییەکان، گرێی لاوەکیی ڕۆمانەکەن، هەر بۆیە درەختی دووکەڵ دیمەنێکی سروستیی ناڕاستیی جەنگ خۆیەتی.

پێدەچێت خوێنەران زۆر لەسەر کەسێتییەکانی وەك کوریۆراڵ جەیمس هیۆستۆن و سەربازەکانی تری سەر بە پۆلی ئیکۆ، کە ئەرکیان پشکنینی ناو جەنگەڵستانەکانە بوەستن، کە ئەزموونەکانیان پڕ بوویەری ترسناکە بە درێژایی کتێبەکەو وێناکردنێکی ناوێزەیەو وتەکانی نێوانیان بە توندی درێژ دەبنەوەو پڕن لە دژواری. هەر بۆیە خوێنەر خۆی لەو ڕاستییەدا ئەبینێتەوە کە ئەمە بە ڕاستی چۆنیەتیی وتووێژی سەربازەکان بووە لە ڤێتنام.

لێرەدا سەرنجمان بۆ ئەوە کێش دەبێت کە نووسەر زمانێك دادەهێنێت بۆ ئەم سەربازانە، وەك ئەوەی جۆرێك لە هەڵسوکەوتی بەنگکێشەکان بخاتە ڕوو، دەسپێکی لە ڕۆڵی ئەو سۆزانیانەوە بێت کە لەگەڵیان خەوتوونو تا گەیشتنیان بە کەمپی سەربازیو لەوێوە بۆ ناو ئەو جەنگە خوێناوییەی لە جەنگەڵستانەکاندا توشیان دەبێت، درێژ دەبێتەوە. یان باری ئەو سەربازانە لە گێڕانەوەی مایکڵ هر (نامەکان)دا ، کە هیۆستۆن دەبێتە فەرماندەی پۆلێکی ئاسایی، ئەرکی ئەوەیە ناو دارستانەکان بە بێ پسانەوە بپشکنێ، کە ئەمەش ئەیبات بەرەو کەسێتییەکی زۆر توندڕەوو دڕندە، سەیر ئەوەیە ئەمەی لا خۆشە، هەر بۆیە خۆبەخشانە ئەچێتە تاڵاوی جەنگی ترەوەو ئەو کاتەشی ناچار دەکرێ جارێکی دی بگەڕێتەوە لای فۆنێکس، تووشی دارمانو متبوون دەبێ، کە دەزانێ دەبێتەوە بە پیاوێکی سەرنەکەوتووی ئاسایی، چونکە وەك خوێنەریش بۆی دەرئەکەوێ، تازە ئەو ناتوانێ واز لە ڤێتنام بهێنێو چیدی ناتوانێ لە دوونیای ئاساییدا ژیان پێك بێنێتەوە.

لێرەدا خوێنەر وەك حەزێك، ژوانی لەگەڵ جەنگێکدا هەیە، چونکە ئەم ڕۆمانە چیرۆکی شیکاریو توێکاریی کەسێتییەکانەو پەیوەستییانە بە ڤێتنام خۆیەوە. یەکێك لە کارمەندانی فریاگوزاری (کەیت جۆنز) کە گەوهەری ڕەوشتیی ناو ڕۆمانەکەیە، دووای ئەوەی کە ویلیام ساندیس ئەکەوێتە داوی خۆشەویستییەوە، لەوە ئاگاداری ئەکاتەوە، کە ڕۆژێك دێت لە خۆی ئەپرسێت: "کەی مردم؟ ئەم هەموو سزا گەردوونییە توندووتیژە چییە بە سەرمدا ئەڕژێت؟" دووای چەند سەد لاپەڕەیەك لەم ئاگادارکردنەوەیە، ڕۆماننووس دەڵێت: "ژیان کەیتی تەواو کرد". دەبینینو هەستیشی پێ دەکەینو لەبەر دەممماندایە کە چۆن کەیت بانگەشەی دارمان دەکات، کەچی لە هەڵوێستەی یەکەمدا بانگەشەی ساندیس خۆی

دەبینین.

ڕۆمانەکە ئەوەی لەخۆگرتووە کە ساندیس لاوێکی پەڕۆشە بۆ هەر وشەیەک کە لە پەیرەو و پرۆگرامەکانی "سی ئای ئەی"دا نووسرابێت، کەچی لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی ڕەتکراوەو درندە دێتە بەر چاومان، بە جۆرێک قاچاخچێتی بە چەک و تفاقی جەنگییەوە دەکات لە خوارووی خۆرهەڵاتی ئاسیا، هەربۆیە بۆ پاساوی ئەمە دەڵێت: "کارەکەم بۆ تاوانبارە مەزنەکان جێهێشت، وا ئێستا کار بۆ تاوانبارە مامناوەندەکان ئەکەم. کاتەکانی ژیانم بێ قەرەبووی لاوەکی بەسەر دەبەم، بەڵام ڕەفتارەکان زیاتر ڕوونن".

داخۆ نووسەر چۆن ڤێتنامییەکان لەم کارەدا وێنا دەکات! ڤێتنامیەکان وا نیشان دراون شێوە ڕوخسارێ بن کە پەیوەست نین بە کاتێکەوە لە سروشتی ئەمەریکییەکاندا تا لێی بدووێن، دووانێک کە بەرەو پووچیو بێمانایی مل دەنێت. لێرەدا کەسێتییەکی ڤێتنامی بۆچوونی ڤێتنامییەکان بە شێوەیەکی قوڵو پڕواتا ڕوون دەکاتەوە، دەڵێت: "پەندێکی کۆن هەیە کە بە مانای ئەوە دێت مێخ تەمەندرێژترە لە چەکوش". لە بەرانبەر ئەمەدا کۆلۆنێلە کۆنەکە ئەمە بەوان دەڵێ: " ئەم گەلە لە بەئەنجام گەیاندنی کارەکانیاندا زۆر مەبەستیانە بگەنە کۆتایی، ئەوەتا تۆ لە یەنایەردا لێیان دەدەی، ئەوان لە مایۆدا بەوپەڕی ئامادەییەوە بۆ زیاتر تۆقاندنی ئێمە دێنەوە ئارا".

لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا سەرنجمان بۆ ئەوە ڕائەکێشێت کە هەموو کەسێتییە سەرەکییەکانی (کە بە شێوازێکی تایبەت دایڕشتوون) بەهۆی ئەوەی کە ناتوانن واز لە ڤێتنام بێنن، وێران دەبن. زۆریش ڕادەمێنین لەسەر وتەیەکی سارجنت "جێمی ستۆرم" کە یەکێکە لە کەسێتییە هەرە سادیەکانی نێو ڕۆمانەکە کە دەڵێت: "ئەم شوێنە دیزنی لاندێکەو سەر ترشاو کەوتووە".

درەختی دووکەڵ لەگەڵ هەبوونی زۆرێک لە لەنگی، ڕۆمانێکە زۆر دەمێنێتەوەو گرانە لەبیر بکرێ. هەر لە پێشەکییەکەیدا زۆرێک لە کەسێتییەکان گرانە لێک جودا بکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانێکە بۆ درەوشانەوە خولقاوە، ڕەنگیشە بچێتە نێو مێژووی ئەدەبی جیهانییەوە بەو پێیەی کە بەرزترین واژەی ئەدەبییە لەسەر جەنگی ڤێتنام.

## هەڵبژاردەیەک لە ڕۆمانەکە:

"لە سێی بەربەیانی دوێشەودا سەرۆک کەنەدی کوژرا، دەریاوان هیۆستۆن و دوو سەربازی دیکە نووستبوون، لە کاتێکدا کە ڕاپۆرە یەکەمییەکان بە دوونیای فراواندا پەخشدەبوونەوە. لەوێ، لەو دوورگەیەدا تەنیا یەک سەماگای بچکۆلە هەبوو، یانەیەکی خۆهەڵکێش بوو بە پەری پەروانەی گەورەی خولاوەی میچەکەی، بە بارەکەی، بە یاریی فلیبرەزەکەی. هەردوو دەریاوانەکەی کە ئەم یانەیەیان بەڕێوە دەبرد، لەخەو هەستان بۆ وەرگرتنی هەواڵی ئەوەی لە سەرۆک ڕوی داوە.

هەردوو دەریاوان لەگەڵ سێ پیاوەکە دانیشتن، نیگایان لەسەر هەواخۆشکەرەکە بوو کە دڵۆپ دڵۆپ ئاوی لێ دەتکایە قوتویەکی قاوەوە، بیرەیان دانا بیخۆنەوە، ڕایەڵەی هێزە چەکدارەکانیش کە لە بنکەی سەربازی سوبیکەوە پەخشی دەوەشاند، بە درێژایی شەو، سەبارەت بەو تاوانی کوشتنە، کە لە یادەوەریدا دەرناکرێت، نەپساوە ڕاپۆری پەخش ئەکرد.

ئێستا وا چێشتەنگاوە، دەریاوان ویلیام هیوستۆن لەو کاتەدا کە بەنێو جەنگەڵەکانی گراند ئایلاندا تێدەپەڕی، تفەنگێکی خواستراوی جۆری 22 ملیمی هەڵگرتبوو، هەستی دەکرد وا خەریکە مەی بەری دەدا، دەبوو ئا لەوێدا، بەرازی کێوی ئەو کەمپە سەربازییەی ئەم دوورگەیەی تەی بکردبا، ئەوەی کە ئەم هەر لە فلیپینەوە تا ئێستا دەیدیت، نەیدەزانی هەستی بۆ ئەم وڵاتە چییە، تەنیا ئەوەی دەویست لەم جەنگەڵەدا ڕاو بکات، دەبوو هەندێ بەرازی کێوی هەبن لە شوێنێکی ئێرەدا".

**نووسینی: دێنیس جۆنسۆن**